

# دوو جۆرە مۆدەی

بەدللەی بووك یەكێكە لەم مۆدە جوانكارییەی كە دەبێت لە رۆژی ئاهەنگەوە بەجوانترین شێوە و جوانییەوە دەربكەوێت، چونكە تایبەتمەندی جوانی بووك زیاتر دەردەخات و ئەمەش كاریگەری دەبێت لەسەر شێوەی ئامادەكردنی بەدللە بۆ رۆژی ئاهەنگ، یان چۆنیەتی هەڵبژاردنی بەدللە دەبێتە هۆكارێك بۆ زیاتر جوانكردنی بووك..

چەندین شێوە و شێوازی بەدللەی بووك هەیە و ئەمەش بە حەز و هەستی بووك دەوەستێت كاتێك هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی بووكی پێوە برازێندرێتەوە! ئەم دەستە بەدللەیە وەك مۆدەیەكی تازە دەركەوتووە و بریتییە لە دوو شێوەی لەیەكتر نزیك، شێوەی یەكەم : بە بەدللەی بەدی ناسراوە و چونكە لەش دەگرێت ئەمە بۆ ئەوانەی لاوازن یاخود حەز بە جلی بەدی دەكەن

# مۆدەی (پووت) بۆ زستانی ئێستا









وەرزی زستان جگە لەوەی مۆدەی تایبەتی خۆی دەوێت و چونكە مۆدەی جلی گەرم و دەستە جلی دەوێت، بۆ زستانی ئەمساڵ چەندین مۆدەی جوان بۆتە مۆدەی جلوبەرگی خانمان. یەكێك لەم مۆدە سەرەكیانەی دەپۆشرێت ئەویش (پووت)ە. جوانی پووت تایبەتە بە شێوەی پۆشینی لەگەڵ جلوبەرگی رێككەوتوو لەگەڵ پووت، وەك (كاوبۆی – تەنوورەی كورت )..

شێوازی پووت دەبێتە هۆكارێكی تایبەت بۆ جوانی بەشی لای خوارەوەی خانمان، جگە لەوەی سوودمەندی دیكەی هەیە وەك قاچەكانت لەسەرما دەپارێزێت، هەروەها لەگەڵ كاوبۆی رێككدەكەوێت

چونكە كاوبۆی بەم شێوەیە جوان دەبێت كاتێك دەخرێتە ناو پووت. جوانی تایبەتی پووت بریتییە لە رەنگ و شێوەی، چونكە شێوەی بەتەواوی دەردەكەوێت و بۆیە جوانییەكی بەرچاوی هەیە، ئەم چەند پووتە سادەیە وەك مۆدەی زستانی ئەمساڵ دەپۆشرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە چەند رەنگێكی سادەوە پێكهاتووە لەوانە :( رەش، قاوەیی، سوور، سپی ). ئەم رەنگانەش لەگەڵ چەندین رەنگی جلوبەرگی دیكە دەگونجێت، شێوەی ئەم پووتانە لە پێشەوەی سەرێكی تیژی هەیە و لەگەڵ پاژنەیەكی نیمچە بەرز.

# بەدلەی بووک



و شـێوەی لە کراس نزیکە، هەروەها سـینگی داخراوییە و بە قوماشێکی تووڵە و جەستە دەردەکەوێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە نەخشی گوڵ ڕازاوەتەوە لە سەرتاپای بەدلەکە..

شـێوەی دووەمیش بریتییە لە : بە پێچەوانەی شێوەی یەکەم بـەدی نییە و واتە لەش ناگرێت، تەنیا لە ناوقەدەوە تەسـك دەبێت، شـێوەی دووەم سـینگی کراوەیە و شان دەردەکەوێت، جوانی ئەم بەدلەیەی شـێوەی دووەم دەکەوێتە بەشی خوارەوە و ناوەڕاسـت، ئەویش دەبێتە دوو شـێوە، یەکێکیان خوارەوەی سادەیە و تەنیا لەناوقەدەوە نەخشی لێوە کراوە، ئەوەی دیکەش لەناوقەدەوە بە نەخشـی گوڵەوە تاوەکو خوارەوە نەخشێنراوە و ئەمەش شێوەیەکی ناسك و جوان دەردەخات، بۆیە بەم شێوازانە ڕۆژی ئاهەنگتان وەك بووکێکی جوانەوە بڕازێیەوە.

# کەباب لەماڵەکەت دروست بکە



بۆ ئەوەی لە ماڵەکەت کەباب دروست بکەیت، ئەمەش وەك خواردنێکی تایبەتی لەماڵەوە بەم کەرستە و ڕێگەیە ئامادەی بکە..

**کەرستەکان**

- (١) کیلۆ گۆشتی وردکراو
- (٢) پیاز و (نیو دەسك کەرەوس) وەردکراو
- (٢) کەوچك سیری ورد
- (١) کەوچك بیبەری تیژ + (١) کەوچك خوێ
- (١) لەیموون بۆ درووستکردنی ئاوی لەیموون
- ڕۆنی زەیت
- تەماتە و گێزەری ئەڵقە چاکراو
- هەندێك (ئاردی سفر)

**ڕێگەی درووست کردن**

- سەرەتا گۆشـتەکە بهێنە و هەندێك ئاوی لەسەر بکە، دواتر هەندێك ئاردی لەسەر بکە و تاوەکو دەبێتە هەویرێکی نەرم..
- پاشـان پیازە وردەکە و سـیر و هەندێك کەرەوس بخەرە سەر هەویرەکە، ئینجا شێلانی بۆ بکە بە دەست.
- دوای شێلان هەویرەکە بخەرە ناو مەنجەڵێك و ناوەوەی قوڵ بکە و هەندێـك ڕۆنی زەیتی لەناو بکە و دیسانەوە دەستت بە ئاو بکە و شێلانی بۆ بکە..
- ئینجا بیبەر و خوێ لەسەر بکـە وەك ئـەوەی دەتەوێت، ئەگەر هەویرەکە شـل بـوو دەتوانیت ئاردی زیاتری لەسـەر بکەیت، هەروەها بەپێچەوانەوە ئەگەر توند بێت دەتوانیت بە ئاو و ڕۆنی زەیت چارەسەری بکەیت.
- سـینی فرن بهێنە و لەگەڵ گلاسێك ئاو، دەستت بە ئاو بکە و لە هەویرەکە پارچەی درێژی لێوە درووسـت بکە ئەمەش بە ڕێگەی کەمێـك هەویرەکە لەناو دەسـتت دابنێ و لەلایەکەوە ڕابکێشـە تا وەك شـێوەی پەنجەی لێدێت بەڵام گەورە بێت و هەندێك ڕۆنی بەسەر دابکە بۆ ئەوەی چەور بێت..
- بیخەرە ناو فرن و تاوەکو سوور دەبێتەوە لەگەڵ ئەوە وەریبگێڕە بۆ ئـەوەی ژێرەوە و سـەرەوەی ببرژێت، دواتـر دەریبهێنە و لەگەڵ تەماتە و کەرەوس و گێزەر لەسـەر سنی دابنێ و ئاوی لیمۆیەکەی لەسەر بکە و ئەو کاتە ئامادەیە بۆ خواردن.

# چۆن دەم و چاوت ناسک و نەرم دەبێت

خانمی جـوان بۆ ئەوەی بەجوانترین شـێوە ڕووخسـارت دەربکەوێـت و ئەمەش بەبێ ئەوەی نەشتەرگەری یـان کاری تایبەتی بـۆ بکەیت. بەهۆی ئەوەی ڕووخسـار بریتیە لە لایەنێکی سـەرەکی جوانیت، بۆیە هـەردەم هەوڵبـدە ڕووخسـارت لە جوانییەوە نزیك بێت. ئەگەر دەتەوێت



ڕووخسـارت بە ڕەنگێکی پەمەیی و سوورەوە دەربکەوێت، هەروەها پێستی ڕووخسـارت لە ناسکی و نەرمییەوە نزیك بێت ئەم ڕێگەیە بگرە بۆ ئەوەی بەم ئەنجامانە بگەیت :

- لەکاتی شوشـتنی دەم وچاوت بە (سـابوون) دەشۆیت، بۆ ماوەیەك کەفاوی سـابوونەکە لەسـەر دەم و چاوت بهێڵەوە..
- پاشان هەندێك (مەعجوونی ددان) بهێنە و بە شـێوەی دڵۆپە وەك (٤) دڵۆپە بخەرە سەر گشت لایەکی سەر کەفاوەکە..
- دواتـر کەفاوەکـە دابەش بکە بە پەنجە و ئەمەش بۆ ئەوەی سابوونەکە و مەعجوونەکە تێکەڵ ببێت..
- لە کۆتاییدا دەم و چاوت بشـۆ بە ئاوێکی پلە ناوەندی، پاشـان دەم و چاوت بسڕەوە بزانە چ ئەنجامێکی گەورەی دەبێت.

# سەیرترین پێڵاوی پاژنە بەرزی ئافرەتان






لەوە سەیرتر نییە پێشبڕکێ لەسەر کەرستە و شتی سەیر و سەمەرە بکرێت، بۆیە ڕۆژانە دەبینین چەندین شتی سەیر دەردەکەوێت و ئەوانەش وەك ئەوەی نازناوێك تۆمار بکرێت و ببێتە شتێکی گشتی سەیر لەبەرچاوی خەڵکدا. گشت لە ئێمە پێڵاوی پاژنە بەرزمان بینیوە، ئەوەی کەوا ئافرەتان لە پێی دەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەیر بێت چەند مۆدەیەکی تازەی ئەم پاژنە بەرزانە لە ویلایەتی ڤیرجینیای ئەمەریکی کە شێوەیەکی سەیری هەیە و بەڵکو کەس ناتوانێت بیپۆشێت!.

سەیری ئەو پاژنە بەرزانە بریتییە لەوەی کەوا پاژنەکەی زۆر بەرزە و ئەو خانمەی ئەم پاژنەیە بپۆشێت وەك ئەوە وایە کەوا لەسەر پەنجەکانی بڕوات، چونکە بەشێوەیەك دروست کراوە شێوەی پێشەوە و پاژنەکەی وەکو یەك بەرزە و بەرەو سەرەوەیە. یەکێك لەو پێڵاوانە لە شێوەی پاژنەی (ئەسپ) دروست کراوە و لە ژێرەوەی ئاسنی بۆ بەستراوە ئەمەش بۆ ئەوەی دەنگی بێت، ئەم پێڵاوانە وەکو مۆدەیەکی تازە دروست کراوە و ڕەنگە ببێتە مۆدەیەکی جیهانی!

# ئەمە بچووکترین هەلیکۆپتەرە



ئەگەر جارێك شتێکی بچووك بەسەرتانەوە فڕی، وا هەست مەکەن کەوا گیاندارێکە، چونکە جیهانی تەکنۆلۆژیا توانیویەتی کەرستەی وا بچووك دروست بکات کە ئەوەندەی مێشێك بێت. ئەوەی دەیبینن هەلیکۆپتەرێکی سیخورییە لە بوای هەواڵگری بەکاردەهێنرێت و شێوەیەکی بچووکی هەیە کە درێژییەکەی تەنیا (٢) سەنتیمەتر دەبێت، واتە ئەوەندەی مێشێك دەبێت..



ئەم هەلیکۆپتەرە لەلایەن دەزگای هەواڵگری ڕووسی بەکارهێنراوە و بۆ کاری وەرگرتنی وێنە و زانیاری ئەمەش بەهۆی ئەوەی کامێرایەکی بچووکی لەناوەوە بەستراوە و بە ریمۆت کۆنترۆڵ دەفڕێت و دەنیشێتەوە بۆ شوێنی مەبەست. ئەمەش سەیرترین کەرستەی تەکنۆلۆژیای ڕووسیە بۆ ئەوەی سوودی لێوە وەربگرن لە بواری هەواڵگری، جگە لەو سیفاتانەی ئەم کۆپتەرە هەیەتی هەروەها سیفاتێکی سەیرتری هەیە ئەویش ئەوەیە کاتێك بیانەوێت بزری بکەن بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت، دەتوانرێت بە کۆنترۆڵ کۆپتەرەکە بکەوێندرێت و بەڵکو لەناوەوەی خۆی بسووتێت تاوەکو کەس نەزانێت ئەم ئامێرە بچووکە چییە و سەرچاوەکەی لە کوێیە!

# قاچە بە بەختەکەی ئەم پیاوە دزرا !

پیاوێکی بەتەمەنی هیندستانی بەنـــاوی (یـنـــدای کواندیا)ی تەمەن (٧٠) ســـاڵ، ڕێکلامی بۆ خـــۆی دەکرد کـــەوا قاچی ڕاســـتەی بە قاچێکی ســـەیر و هێنـــەری بەخـــت دانـــاوە و بەڵکـــو دەتوانێت بە ڕێگەی ئەم قاچەیەوە چەندین شت دەربارەی خەڵك بزانێت کاتێـــك ئەوانەی دەســـت لە قاچەکـــەی دەدەن! ئەم پیاوە لـــە هەرێمی (ئەندهرا بـــاراداش)ی هیندی دەژییێت و ڕۆژانە خەڵك ســـەردانیان دەکرد بـــۆ ئەوەی شـــتێکی لێوە بزانن دەربـــارەی داهاتوویـــان یان بۆ بەخت و شانس..



ئەمەو دوای ئەو هەموو ڕێکلامە کۆمەڵە گەنجێکی دزی ئەم وڵاتە کە پێکهاتبـــوون لە (٣) کەس، شـــەوێکیان دەچنە ســـەر ماڵی ئەم پیاوە و بۆ ئەوەی ســـەردانی بکەن، دوای ئـــەوەی زانیبوویان قاچی ڕاستەی بە قاچی بەخت ناسراوە، بۆیە ئەوانیش قاچەکەی دەبڕن و دەیدزن! ئێســـتا پیاوەکە بەبێ قاچـــە بەختەکە ماوەتەوە و لـــە نەخۆشـــخانە کەوتـــووە، تا ئێســـتاش پۆلیـــس لەدوای قاچەکـــەی دەگەڕێن بۆ ئەوەی بیگەڕێننەوە بـــۆ خاوەنەکەی، کەچی گەڕانەکانیان بێ سوودە و نەیاندۆزیوەتەوە. دەبێ دزەکان ســـوود لە قاچەکە وەربگرن بۆ دزینی کەرستە و شت!

# گەورەترین (گا) لە جیهان



لـــە ژیانتان بینیوتانە کەوا گیانـــداری (گا) هەبێت کە گەورەتر بێت لە مرۆڤ، ئەوەی دەیبینن گەورەترین گیانداری (گا)یە لە جیهـــان، ئەمەش لە وڵاتی ئینگلتەرایە و خاوەنی ئەم گایە ناوی (ئەرســـەر دکت)ە و دەڵێت: بێگومان شـــتێکی ســـەیرم هەیە و بەڵام ئێســـتا تەمەنی ئەم گایە (٦) ساڵە و بەم شـــێوەیە لەگەڵ ئەوەشدا گا تا تەمەنی (٨) ساڵی گەورە دەبێت و بۆیە لەوانەیە دوای (٢) ســـاڵی دیکە ببێتە شـــتێکی سەیرتر، چونکە زیاتر گەشە دەکات و کێشی زیاتر دەبێت.

کێشـــی ئێســـتای ئەم گایە دەگاتە (٦٠٠) کیلۆگرام و هەروەها زیاتر لە (٢) مەتـــر بەرزییەکەیەتی، ئەم گیانـــدارە لەگەڵ ئەوەی گەورەیـــە بەڵام زوو دەمارگیری دەیگرێت و هەرچی لە پێشـــی بێت دەیشکێنێت!

بـــەم دوایە نرخێکـــی خەیاڵیان بە خاوەنی ئەم گایـــە داوە تاوەکو بیفرۆشـــێت، کە بریتیی بوو لە (١٠٠٠) گونیەی ئوسترلینی. بەڵام ڕازی نییە کەوا بیفرۆشێت.

# ئەو خانمە (١٠) مێردی كردووە!





زانیومانە كەوا ئیسلام ڕێگەی بە پیاو داوە (٤) ژن بهێنێت ئەمەش لەكاتی پێویست و نەوەك بۆ خۆشی، بەڵام لەجیهان شتێكی سەیر ئەنجامدراوە ئەمەش لەلایەن ئافرەتێكی جوانی وڵاتی كووبا، كارە سەیرەكەی ئەم خانمە توانیویەتی لەماوەی (٤) ساڵ ببێتە ژنی (١٠) پیاو ئەمەش لە ساڵی (٢٠٠٤) تاوەكو ئێستا، بە كوردی خۆمان واتە (١٠) مێرد بكات! دوای ئەوەی خانمێك لە وڵاتی كووبا بە گەشتێك دەگاتە ویلایەتی فلۆریدای ئەمەریكی. ئەم ئافرەتە ناوی (ئینیس لوبێز)ە و خاوەن جوانییەكی سیحراویە و دەتوانێت پیاو بۆ خۆی رابكێشێت.

كاتێك دەگاتە ویلایەتی فلۆریدا بێ جێگە و پارە دەبێت، بۆیە هەڵدەستێت خۆی نیشان بدات تاوەكو پیاوان داوای پەیوەندی یان هاوسەریەتی لێبكەن. كاتێك دەبێتە هاوسەری پیاوێكی ئەمەریكی و ئیقامە وەردەگرێت، پاشان واز لە مێردەكەی دەهێنێت و بڕە پارەیەكی لێوەردەگرێت كە ئەمەش لە ڕێگەی یاساوە پێیدەسپێردرێت، تا بەم شێوەیە دەتوانێت (١٠) مێرد بكات و دواتر لەلایەن یەكێك لەم پیاوانەی بوونەتە مێردی سكاڵا تۆمار دەكات لە دژی ئەم ئافرەتە و بۆیە بڕیاری دەستگیركردنی دەدرێت بە تۆمەتی ئەوەی پیاو دەروتێنێتەوە و تا ئەو كاتەی بەرژەوەندی لێدەكات و ئینجا داوای جیابوونەوە دەكات.

# ئەم بارهەڵگرە بەبێ تایەی پێشەوە دەڕوات!



بۆ ئەوانەی خاوەن ئوتۆمبێلن و یان خاوەنی ئوتۆمبێلی بارهەڵگرن، چی دەكەیت كاتێك یەكێك لە تایەكانی پێشەوەی ئوتۆمبێلەكەت دەشكێت یان پەنچەر دەبێت! دەتوانیت تایەكە بگۆڕیت بە تایەكی دیكە! بەڵام لەلای ئەم شوفێرە ئۆكرانیایە وەڵامێكی دیكەی هەیە ئەویش ئەوەیە بەبێ تایەی پێشەوە بڕۆ!

ئەمە یەكێكە لەو حاڵەتانەی كەوا شوفێرێك لە وڵاتی ئۆكرانیا لەكاتی گەڕانەوەی یەكێك لە تایەكانی پێشەوەی تێكدەشكێت و ئەویش هەوڵ دەدات بەم شێوەیە بگاتە ماڵ و بەڵكو دەتوانێت بەبێ تایەكی پێشەوە تاوەكو ماڵ بڕوات. ئەم پیاوە ناوی (میشانكۆ برفێش)ە و توانی بۆ ماوەی (٢) كیلۆمەتر زیاتر ئوتۆمبێلە بارهەڵگرەكەی لێخوڕێت بەبێ ئەوەی بكەوێت. ئەوەی سەیر بێت لەلای ئەم پیاوە كە چۆن بیرۆكەی ئەوەی بۆ هات تاوەكو لە نزیك ڕەسیفی شۆستەوە بڕوات و بۆ ئەوەی یەكسانی ئوتۆمبێلەكەی لەدەست نەدات، وەكو چۆن دەبینن تایەكانی لای ڕاستەی لە نزیك ڕەسیفەوە دەڕوات ئەمەش یەكێكە لە كارە سەیر و سەرمەرەكانی ئوتۆمبێل، لەگەڵ ئەوەشدا بووە نمایشێكی سەیر لە شەقامەكانی ئەم وڵاتە و بەڵكو بووە هۆی كۆبوونەوەی خەڵك لە كاتی لێخوڕینی بارهەڵگرەكە!





# ئەم پیاوە پیرە (٩٥) حەجی کردووە

ئەوەی ئەم پیاوە پیرە ببینێت دەڵێت : ناتوانێت لە جێگەی خۆی هەڵبستێتەوە و بەڵکو ناتوانێت بەدەستی خۆی ئاو بخواتەوە! بەڵام ئەمە پیاوێکی پیری سەیرە و خاوەن تەمەنێکی گەورەیە کە دەگاتە (١٢٤) ساڵ، ئەم پیرەیە ناوی (مدهاس ڕەشیدی)یە خەڵکی وڵاتی سەعوودیایە و لە ژیاندا ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کردووە، ئەم ژمارە پێوانەییەش بریتییە لەوەی توانیویەتی (٩٥) جار حەج بکات، واتە سەردانی ماڵی خوا بکات. لە تەمەنی (١٩) ساڵییەوە دەستی بە حەج کردن کردووە و بەڵام هەندێك ساڵ نەیتوانییوە حەج بکات بەهۆی باری تەندرووستی.

دوا حەجی لەگەڵ حاجیانی ئەمساڵ بوو و ئێستاش گەڕاوەتەوە ماڵ و بەم حەجەی کۆتایی ژمارەی حەجەکانی گەیشتە (٩٥) جار. وەکو خۆی دەڵێت : حەج کردن مێشکی مرۆڤ خۆش دەکات و دڵت بە حەسانەوە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی تەمەنی مرۆڤ درێژ بێت. هەروەها دەڵێت، پێشتر حاجیانی ماڵی خوا ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی (٣) هەزار کەس، کەچی لە حەجی ئەمساڵ زانیومە گەیشتۆتە (٣) ملیۆن حەجاج! مامە پیرە خاوەنی (٣) ژنە و (٧) منداڵی هەیە لەگەڵ کۆمەڵە نەوەیەك، بەمەش دەبێتە ژمارەی پێوانەیی لە حەجرکردنی ماڵی خوا و بە گەورەترین حاجی جیهان دادەنرێت. ئێستاش تەندرووستی باشە و لە بەرنامەی داناوە کەوا ساڵی داهاتوو حەجێکی دیکەش بکات بەڵکو حەز دەکات (١٠٠) حەج بکات ئەگەر تەمەنی مابێت.



# ئەم کۆمپیوتەرە لە دار درووست کراوە!

ئامێری کۆمپیوتەر کە ئامرێکی سەرەکی و گرنگە لە ژیانی مرۆڤ، چەندین ساڵە بینیومانە کەوا کۆمپیوتەر لە دوو مادده درووست دەکرێت (ئاسن و پلاستیك)! ئەمەش بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لە کاریگەری دەرەوە وەك گۆڕینی هەوا و یان بەرکەوتنی بە شتێك. بەڵام بەم دواییە بیرۆکەیەکی دیکە پەیدا بوو بۆ ئەوەی کۆمپیوتەری لێوە درووست بکرێت، ئەویش درووست کردنی کومپیوتەر لە (دار) ! لە وڵاتی رووسیا توانرا یەکەم کۆمپیوتەر لە دار درووست بکرێت، جۆری ئەو دارەی کە لێوەی درووست کراوە جۆرە دارێکی بەهێزە و بەڵکو بەرگەی ساردی و گەرمی دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاگر ناگرێت چونکە جۆرە ماددەیەکی لەگەڵ تێکەڵ کراوە رێگەگرە لە ئاگر گرتن. ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی دار نرخی زۆر نییە و چونکە دەتوانن بەم بڕە پارەیەی تا کومپیوتەرێك لە ئاسن درووست بکەن، دەتوانن (٣) کۆمپیوتەری داری لێوە درووست بکەن. ئەمەش بیرۆکەیەکی ئەندازیارێکی رووسیە کە ناوی (ویلارد سراڤکۆ)یە و تا ئێستا توانیویەتی یەکەم نموونەی کۆمپیوتەری داری نمایش بکات، هەروەها کۆمپیوتەری داری جوانییەکی ناسکی هەیە و وەکو لە وێنەکاندا دەیبینن.













# نەشتەرگەری بۆ منداڵێکی (٣) دەست !



دوای ئەوەی منداڵێك لە دایك دەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی ناسرووشتی و بەڵکو لە منداڵی ئاسایی جیاواز دەبێت، چونکە ئەم منداڵە جگە لە دوو دەستە سرووشتییەکەی خۆی، دەستێکی دیکەی زیادە لە پشتیەوە دەرکەوتبوو. ئەم منداڵە کچە لە وڵاتی (چین)ە و ناوی (رین هین)ە ! ئەو منداڵە تەمەنی (٤) ساڵە و لەگەڵ ئەم دەستە زیادەی پشتیەوە گەورە بووە، ئێستاش چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە و بۆ ئەوەی نەشتەرگەری بۆ بکرێت و لەم ناخۆشیە و بێزارییەی ئەم دەستەی رزگاری ببێت، چونکە ناتوانێت لەسەر پشتییەوە پاڵکەوێت یان جلێکی جوان بپۆشێت بەهۆی نا تەواوی شێوەی پشتی. بۆیە هەر لە منداڵیەوە بە (فریشتەی بەباڵ) ناونرابوو بۆ ئەوەی هەست بە کەمی نەکات و بەڵکو وەك منداڵی دیکە بژیێت. ئەمەو لەلایەن (٤) دکتۆری نەشتەرگەری لە وڵاتی چین توانیان نەشتەرگەری بۆ منداڵەکە بکەن و لە دەستەکەی رزگاری بکەن، ئێستاش منداڵەکە سەلامەتە و حەزیش دەکات ببێتە دکتۆر بۆ ئەوەی خەڵك رزگار بکات. ئەم وێنەیە گیراوە پێش ئەوەی ببردرێت بۆ ژووری نەشتەرگەری!

# (٢٠٠٠) سانتاکلۆز بۆ یادی سەری ساڵ

بەبۆنەی جەژنی سەری ساڵ و هاتنی ساڵی تازە (٢٠٠٨)، لە گشت جیهان رۆڵی (سانتا کلۆز) کە بە بابەنوێل ناسراوە دەبێتە میوان و پێشوازی خەڵك لە شوێنە تایبەتی و گشتییەکان ! بەڵام ئەوەی سەیر بێت بابەنوێل بە کۆمەڵ رژانە سەر شۆستە و شەقامەکانی شاری رۆژدرامی ئەڵمانی، ئەمەش وەکو پێشبڕکێ بۆ بەشداری کردن لە میهرەجانی ساڵانەی تایبەت بە سانتاکلۆز بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین ژمارە لە سانتاکلۆز ئامادە بن بۆ پێشوازی خەڵك.





ئەمەو لە میهرەجانەکە نزیکەی (٢٠٠٠) کەس بە جلی سوور و سپی سانتا کلۆزەوە کەوتنە سەر شەقامەکانی ئەم شارە کە بووە هۆی خۆشی و شادی خەڵك. وەکو لە وێنەکەدا دەبینن کەوا چۆن بە کۆمەڵ وەستاون لەم کاتەی کەوتنە ناو شوێنە گشتییەکان، هاتوچۆ وەستا و هەرچی خەڵکی ئەم شارە هاتنە پێشوازی ئەم کۆمەڵە سانتا کلۆزە، ئەمەش وەك پێشوازی لە جەژنی سەری ساڵ.

## نوکتە

- جارێکیان پیاوێکی گێل لە ماڵ دەبێت لەگەڵ خێزانەکەی، لەناکاوێك گلۆپی ژوورەکەیان دەسووتێت، پیاوەکە بە خێزانەکەی دەڵێت : مەرهەمی سووتانم بۆ بهێنە؟!! خێزانەکەی لێدەپرسێت و دەڵێت: مەرهەمی سووتانت بۆ چییە ؟ پیاوەکەش دەڵێت: ئەم گلۆپە سووتاوە و چاکی دەکەمەوە !

- جارێکیان بە دوو شێت دەڵێن، وا ئێستا خۆپیشاندان هەیە بۆ ناچن! ئەوانیش خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی بچن، دوو شێتەکەش دەچن بۆ خۆپیشاندانەکە و لە نێوان خۆیان دەڵێن : با بڕۆین و دوایی دێینەوە چونکە زۆر قەرەباڵغە !!



# پیاوی جاڵجالۆکە دەستگیر کرا !

بۆ ماوەیەکی زۆر پۆلیسی شاری لەندەن لە دوای ئەم کوڕە گەنجە دەبن کە وەك جاڵجالۆکە بەسەر باڵەخانە و شوێنە بەرزەکانی ئەم شارە دەکەوێت و بەبێ ئەوەی هیچ شتێك بەکاربهێنێت و لەگەڵ ئەوەشدا ناکەوێت، ئەمەش مەترسی درووست دەکات بۆ سەر خەڵکی دیکە و بۆیە پۆلیس دەیەوێت دەستگیری بکات. ئەمەو ئەم کوڕە گەنجە وادەزانێت پیاوی جاڵجالۆکەیە و بۆیە ئەم کارە سەیرانە دەکات.



ناوی ئەم کوڕە (ئەلین رۆبرت)ە و تەمەنی (٢٩) ساڵە لەوڵاتی بەریتانیا دەژییت، وەکو لە وێنەکەدا دەبینن کەوا بەسەر باڵەخانەیەکی (٢٠) نهۆمی هەڵگەڕاوە و بەبێ ئەوەی بکەوێت، ئەمەش چەندین جارە ئەم کارە دەکات و لە دوا جار توانرا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر بکرێت بە تۆمەتی ئەوەی بە قسەی پۆلیس ناکات و هەر جارێك لە ژێر دەستیانەوە رادەکات. ئێستاش لەلایەن پۆلیسە و تاوەکو پەیمان نەدات کە جارێکی دیکە بەسەر باڵەخانە نەکەوێت بەرنادرێت هەروەها بە پیاوی جاڵجالۆکە ناسراوە !





ئایا دەتوانی لەماوەی چەند خولەکێکدا جیاوازیەکان بدۆزیەوە




فڕۆکەیەک لە شێوەی قاز

# کەلووەکان

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



- بەردەوام بەدوای زانستی نوێ بگەڕێ چونکە چارەسەری کێشەی تۆ پێویستی بەیارمەتی زیاترە. کەل وپەلی نێوماڵەکەت ڕێکبخە میوانێکت بەناوەخت دێت. دوودڵی لەزۆر کار بۆیە هەردەم وادەزانی دونیا بەسەرپشتی تۆوەیە. هێمن ولەسەرخۆکارەکانت ئەنجام بدە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



پێویستە لەسەر ئەو کەسەی نیازی دڵی تۆی هەیە کاریگەرییەکانی کەم بکاتەوە و ڕێگەیەکی سادەت پێبدات تاوەکو تێبگەیت، گرنگی بەدوا هەنگاوەکانت بدە و مەهێڵە ڕێگەکانت لێوە بزر بێت، لەرێگەیەکی دیکەوە لە خۆشەویستت نزیك ببەوە و بزانە ئەو هەستانەی راستەقینەیە و متمانەت هەبێت بە هەستەکانت.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



هەندێك کاتەکانت تەرخان بکە تاوەکو لەگەڵ خۆشەویستت بەسەری ببەیت، لەم ماوەیە رووبەڕووی چەند گرفتێکی بچووك دەبیتەوە بەڵام مەهێڵە ببێتە هۆی رووخانت. لەکاتێکدا بە ئاگا دێت ئەو کەسە لەلایەکی دیکەوە چاودێری تۆ دەکات.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



گومانت لە کەسێك نەبێت کە دەیەوێت لێت نزیك بێتەوە، شێوازی رەفتارەکانت بەرەو گۆڕان رۆیشتووە و ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە رازەکانی دڵت بگوڕیتەوە لەگەڵ کەسی بەرامبەرت، متمانەت بە خۆت هەبێت چونکە ماوەیەکە تووشی دوودڵی بوویت و ئەوەش هۆی بیرکردنەوەیە.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



- پەشیمانی هیچ کات سوودی بۆت نابێت هەربۆیە لاپەڕەیەکی نوێ بکەرەوە و رووبەڕووی کێشەکانت ببەوە، باری سۆزداریت بەرەو باشی دەڕوات. دڵت فراوان بێت لەگەڵ هاوڕێیەکت ناکۆکیت دەبێ بۆ ئەمەش پێویستیت بە یارمەتی کەسێکی ترە. باری داراییت بەرەو باشی دەچێت.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێی کەسێك دەکەیت تاوەکو ئەم لایەنەت بۆ بدرکێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دوو دڵی تۆ لەسەر ئەم کەسە و هەروەها ڕێگەیەکی سادەش بگرە بۆ وەڵامەکانت کە زۆر بە پەلە دەریدەکەیت. خۆشەویستت گرنگیت پێدەدات و ئاگاداری ببە.

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢



شێوازی مامەڵەت بەرەو خراپی رۆیشتووە و زۆر کەس بە هەڵە لێت گەیشتوون و شێوازێکی تازەش هەڵبژێرە تاوەکو ژیانت لەم دوو دڵیە دوور بکەیتەوە، ئەو کەسەی داوات لێدەکات لەسەری بوەستە بۆ ماوەیەك دواتر وەڵامی بدەرەوە، تاوەکو بیناسیت.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



ئەوەی هەست دەکەیت بەرامبەر ئەو کەسە نابێتە هۆی ئەوەی بتەوێت تاوانباری بکەیت کە چی لەتۆوە دەوێت، ئەمەش چاك نییە بۆت کە وا بیر بکەیتەوە، ڕێگەیەکی سادەت هەبێت بۆ ئەوەی لەدڵەوە لەخۆشەویستت بگەیت و ماوەیەکی زۆرە هەستەکانت جێگیر نییە و مەترسە لەداهاتوو.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١



نهێنیەکانت لەناو ناختدا بپارێزە، بەڵام هەوڵبدە لەلای کەسێکی بەمتمانەو نزیکت باسی بکەیت و تەنیا تا چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشە شاراوەکانت بدۆزیتەوە. ئەو کەسەی داوات لێدەکات لەسەری بوەستە بۆ ماوەیەك دواتر وەڵامی بدەرەوە، تاوەکو بیناسیت.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩



کاریگەر مەبە بەو قسانەی کەخەڵك لەدوات دەکەن، بەڵکو متمانەت بەخۆت هەبێت و لەم لایەنە بەسادەیی بڕوانە، تۆ کەسێکی کراوەی بۆیە ژیانی تایبەتیت بەکراوەیی بڕوانە، بۆ ئەوەی لەخەون و ئاواتەکانت نزیك بیتەوە، تەنها چەند هەنگاو و کارکردنێکی دەوێت، ئێستا کاتێکی باشە.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



- بەرەو چەند گۆڕانکاریەك دەچی کەلەبەرژەوەندی تۆدایە. خۆشترین رۆژت ئەو کاتەیە لەگەڵ خۆشەویستت دەبێت. لەبواری خۆشەویستی هەنگاوێکی باشت ناوە. هاوڕێکانت فەرامۆش مەکە چونکە تۆیان خۆشدەوێ. هەموو کاتێك بەقووڵی مەچووە نێو باسەکانت.مەترسە لە داهاتوو.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



بەردەوام بەدوای زانستی نوێ بگەڕێ چونکە چارەسەری کێشەی تۆ پێویستی بە یارمەتی زیاترە. کەل وپەلی نێوماڵەکەت ڕێکبخە میوانێکت بەناوەخت دێت. دوودڵی لە زۆر کار بۆیە هەردەم وادەزانی دونیا بەسەرپشتی تۆوەیە. هێمن و لەسەرخۆ کارەکانت ئەنجام بدە.

ئیوان گەردی
iwan_gardi@yahoo.com